یەکیەتیی ژنانی دۆموکراتی کوردستانی ئ ران

Democratic Women's Union Of Iranian Kurdistan

بەڕێزان
کادرو پێشمەرگە خۆشەویستەکان
ژنانی خەباتگێڕو شۆڕشگێڕی کوردستان
میوانانی هێژا

لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە بۆنەی جێژنی 25ی گەلاوێژ، 63هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕ بە دڵ پێرۆزبایی خۆمان ئاراستەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، کادرو پێشمەرگە، ئەندامان، لایەنگرانو دۆستە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکرات دەکەین.
پاش کۆتایی هاتنی شەڕ یەکەمو دووهەمی جیهانی هەلومەرجی نێوخۆیی، ناوچەییو نێونەتەویی دۆخێکی وەهای هێنایە ئاراوە کە پێویستیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە حیزبێکی مودێرنو دێموکرات لە هەموو کات زیاتر هەستی پێ دەکرا. 63 ساڵ لەمەوبەر ئافراندنێکی گەورە لە مێژووی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێکهات، ئەویش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە وەك حیزبێکی خاوەن بەرنامەی ڕێکوپێکی سیاسیو دێموکراتیك هاتە مەیدانی بزووتنەوی رزگاریخوازانەی کوردەوە. دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەو پرۆگرامە پێشکەوتووو دێموکراتیکەکەی کە لە پێناو رزگاریی گەلی کورد لە ژێر باری زوڵم، زۆرداریو چەوسانەوە هەیبوو هیوایەکی نوێی خستە نێو دڵی هەموو گەل لەو بەشەی کوردستاندا. بەم شێوەیە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی مافخوازانەو دێموکراسیخوازانەی گەلەکەمان دەستی پێکرد.
بەرنامەو ئامانجە دێموکراتیكو پێشکەوتووەکانی حیزبی دێموکرات گرینگیەکی بەرچاو دەدا بە ڕۆڵو بەشداریی هەموو چینو توێژەکان، بە تایبەت ڕۆڵی ژنانی کورد لە بەرەوپێش بردنی خەباتی ڕەواو مافخوازانەی گەلی کورددا بەرز دەنرخێنێ. دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، وەك یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی کورد نیشانەی ڕێز گرتنو بایەخدانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتە بە ڕۆڵی ژنی کورد.
بەشداریی ئاکتیڤو چالاکانەی ژنانی کورد لە پرۆسەی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا، دەتوانێ فاکتەرو گارانتییەکی باشو کاریگەر بێ بۆ سەرکەوتنو وەدیهاتنی هیواو ئامانجەکانی گەلەکەمان.
پیرۆز بێ جێژنی 25ی گەلاوێژ، 63هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
سەرکەوێ خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە پێشەنگیی حیزبی دێموکرات

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی
25ی گەڵاوێژی 1387ی هەتاوی